# یادێکی پڕ شکۆ لە کارەساتی هەڵەبجە لە گۆڕەپانی دام شاری ئەمستردام

وەک نەریتێکی سالآنە , هەموو ساڵێك لە یادی کارەساتی هەڵەبجەدا , بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و بە بەشداری هەموو ڕەنگە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان , یادی کارەساتی هەڵەبجە دەکرێتەوە , لە یادکردنەوەی ئەمساڵ , وێڕای وتار و بروسکەی پەرلەمانتار و کەسایەتییە سیاسییە هۆڵەندی و کوردییەکان , ئەمساڵ یاداوارییەکە لەم بڕگانەی خوارەوە پێك دێت :

- **نمایشکردنی دیمەنێکی زیندووی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە "جەماوەر دەبنە بەشێك لە نمایشەکە " .**
- **گوڵ دانان لەسەر وێنەی عومەر خاوەر .**
- **پێشکەشکردنی شیعر بە زمانی کوردی و هۆڵەندی لە لایەن هەردوو خاتوونی شاعیر و دەنگ ناسك " کانی هەڵەبجەیی , سازان " .**
- **بە بەشداری هونەرمەندانی مۆسیقا ژەنی بە ئەمەك و بە هەڵوێست " فاروقی کەمان , هیوا جەماڵ , باڤێل هیوا سەرهەنگ " , بە دەنگە بە سۆزەکەی گۆرانیبێژانی ناسراوی گەل " ئۆژیەن , دانیا , باخان , میدیا , ئەلەند , چۆپی کەرکووکی " , بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی , بە گڕ کۆمەڵکوژی و کورد کوژی و شەڕدا دەچنەوە, بە وشە و دەنگە بە سۆزەکانیان نەفرەت لە مرۆڤ کوژی دەکەن , بە سرود و ئاواز و گۆرانییەکانیان خەمی نەتەوەکەیان بۆ هۆڵەندییەکان دەردەبڕن .**

**ڕۆژی : یەکشەممە 18-3-2007 , کاتژمێر 12,30 نیوەڕۆ .**
**شوێن : هۆڵەند , شاری ئەمستردام , گۆڕەپانی دام .**

## کۆمیتەی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە

ناوەندی چاك

یەکێتی نیشتمانی کوردستان – **کۆمیتەی بەنەلۆکس**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە هۆڵەندا فید کۆم**

**مەڵبەندی کولتووری کوردی دەنهاخ**

**یانەی کوردی میدیا لە هۆڵەندا**